# ڕونکردنەوەیەك لەسەر ئەو بەیاننامەیەی
# بەنێوی کۆمەڵێك لە لاوانی نەتەوەیی موسڵمانی کوردەوە لە (٢٠٠٢/١٢/٢٨) دا بڵاوکراوەتەوە

ڕۆژی (٢٠٠٢/١٢/٢٨) بەیاننامەیەك بەنێوی کۆمەڵێك لە لاوانی نەتەوەیی موسوڵمانی کورد، کە ڕاستەوخۆ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هەڤاڵ (مەلا بەختیار) تیایدا بەرپرسیار دەکەن، چ لە دژایەتیکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و چ لەو چاپەمەنیانەی کە بە نهێنی چاپ دەکرێن و ڕەخنەئامێزن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام. سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان، ئاشکرایە (ی. ن. ك) هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ڕێز و پیرۆزی ئایینی ئیسلامی پاراستوە و بەتایبەتیش دوابەدوای ڕاپەڕین کە لای هەموولایەك ئاشکرایە، چ گرنگیەکی بە ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتی لادێ و شارەکان داوە. بێگومان لە بەیاننامەیەکی ئاوا درۆئامێزدا ناتوانن ڕوی ڕاستەقینەی ئەو هەموو هەنگاوە جدیانەی (ی. ن. ك) بشارنەوە چ لە خزمەتکردن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و چ لە گرنگیدان بە شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامەتی.

سەبارەت بە خاڵی دووەمیش، دیارە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سەرەڕای کاری پیشەیی و دیموکراسی و سەندیکایی، بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆیشی زانیوە. گرنگیەکی بەرچاو بە سەرجەم بوارەکانی ڕووناکبیری بدات. لەمپێناوەشدا، بەئاشکرا! نەك بە نهێنی بیری خۆی، خیتابی مەعریفی خۆی، ئاراستە دیموکراسی و ئەقڵانیەکانی نەشاردۆتەوە، نە بەناوی خوازرا و نهێنیش بڵاویکردۆتەوە. ئەگەر چاوێك بە سەرجەم ئەو بڵاوکراوە و کتێبانەی کە چ بەسەرپەرشتی و هاوکاری و یاخود ڕاستەوخۆ لەلایەن مەکتەبەوە دەردەکرێن، بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە هێڵی فیکری خۆمان نەشاردۆتەوە، بەڵام قەتیش پەنامان بۆ کاری نهێنی و بڵاوکراوەی نهێنی نەبردوە، چونکە لە زەمەنی عەولەمە و زەمەنی ئازادی و زەمەنی ئەو هەمووە گۆڕانە خێرایەی شارستانیەت و کولتوریەدا، بەدڵنیاییەوە بە (کۆمەڵێك لاوانی نەتەوەیی موسڵمانی کورد) دەڵێین. . ئێمە هەمیشە لە دەرەوەی ئەو کارانەین و ئەو دوو کتێبەی ئەوانیش بانگەشەیان بۆکردووە. واتە" (جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ) لەگەڵ (خوێننامە) . دوابەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامە درۆئامێزە، زانیومانە دوو شتی لەوبابەتە بڵاوکراوەتەوە، هەروەکو لای هەمووشمان ئاشکرایە، ئەمڕۆ و لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا، هۆیەکانی چاپ و چاپکردن هێندە زۆر بووە کە هەموو گروپێك، بە تاکەکانیشەوە بەشێوەیەکی ئاسان دەتوانن کاری چاپ و چاپکردنی کتێب ئەنجام بدەن.

برادەرانی درۆنامە جهالەت پەنجەرەیەکی تاریکە و، لێرەشەوە قەت ناتوانین بەر لە ئازادی تاك و لەو چەمکە هاوچەرخانە بگیرێت کە لێیەوە سەیری گۆڕان و وەرگۆڕانەکانی ژیانی پێدەکەین چونکە (ی. ن. ك) زۆر لەوە دوربینتر و گەورەترە کاتی خۆی و پارەی خۆی بۆ کاری لەوجۆرە تەرخان بکات. لای هەمووشمان دیارە خیتابی سیاسی و فەرهەنگی (ی. ن. ك) چیە و بانگەشە بۆچی دەکات! تەنیا بێئاگایی ئێوەیە، لە دەروازەکانی درۆی ئاوا شاخدارەوە دەتانەوێت مێژوویەکی لەکەدار بکەن، کە بە خوێن و بە خەیاتیی لەبن نەهاتو، و ئازارەکانی ئەم گەلەی نووسیوەتەوە.

بۆیه برادەرانی درۆنامه، لەبری درۆكانتان، لەبری بوختانەكانتان فەرموون بە وەڵامی زانستی و بە لێكۆڵینەوەی بابەتی، وەڵامی ئەو چاپەمەنیانە بدەنەوە، كە قەڵسی كردون. چونكە ئەمڕۆ زەمەنی دیالۆگ و زەمنی بەئازادی بیركردنەوەیە، نەك بانگەشەكردن بۆ جەهل و جەهالەتێك، كە تەنیا و تەنیا، لەو ئاوێنە هەنگاویەدا، خۆتانی تیا بەدیدەكەن و، هیچی تر نا.

**بەشی راگەیاندن و روناكبیری**

**مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتیەكان**

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org كوردستان نێت